گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 5, No. 4, pp. 895–908, Dec-2017

hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128

journals.uoz.edu.krd

# کۆتایی و پەیوەندی بە دەستپێکی تێکست لە ڕۆمانی کوردیدا بە نموونەی ڕۆمانی(ئەڤین و شەوات)*

پەیمان محەمەد عومەر[1]، ** و فوئاد رەشید محەمەد[2]

[1]پشکا زمانێ کوردی، فاکۆلتیا زانستێن مرۆڤایەتی، زانکۆیا زاخۆ، هەریما کوردستانێ – عیراق.
[2]پشکا زمانێ کوردی، کولیژا پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆیا سەلاحەدین، هەریما کوردستانێ – عیراق.

وەرگرتن: 2015/08 پەسەندکرن: 2015/11 بەلاڤکرن: 2017/12 https://doi.org/10.26436/2017.5.4.485

**پۆختە:**

ئەم لێکۆلینەوەیە، هەوڵدانێکە بۆ روونکردنەوەی ماهییەتی کۆتایی و پەیوەندی بەدەستپێك لە نێو هونەری رۆماندا. ئەمەش بابەتێکە گوتاری رەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ– بەتایبەتیش رەخنەی رۆمان– گرنگیی پێداوە" چونکە شوێنی ئەم دوو پێکهاتە ستراتیژیە، پێگەی دەستپێك خوێنەر لە جیهانی واقیع و راستەقینەییەوە دەترازێنێت و بەرەو جیهانی خەیاڵیی نێو تێکست کەمەندکێشی دەکات، بە پێچەوانەی کۆتایی، کە خوێنەر لە جیهانی ڕۆمان بۆ جیهانی واقیع دەگەڕێنتەوە. دەستپێك پرسیارە و وەڵامەکەشی لە کۆتایی تێکست دەست دەکەوێ. چۆنێتی مامەڵەکردنی رۆماننووسی کوردیش لەگەڵ ئەم چەمکە، رۆلی خۆی لە هونەریبوونی دەقی رۆمانی کوردی بینیوە.پاشان بە شێوەیەکی پراکتیکی لە سەر کۆتایی و پەیوەندی بە دەستپێکی رۆمانی (ئەڤین و شەوات)مان کۆڵیوەتەوە.

**پەیڤێن سەرەکی:** کۆتایی، دەستپێك، گوتاری رەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ، رەخنەی رۆمان، رۆمانی (ئەڤین و شەوات).

## 1. پێشەکی

بوونی دەستپێك لە ژیانی مرۆڤدا بە گشتی و لە بواری ئەدەبدا بە تایبەتی پێگەوبەهای خۆی هەیە. کۆتایی پەیوەندی و بە هەموو بوارەکانی ژیانی(سیاسی،مێژوویی، سایکۆلۆژی،...هتد)وە هەیە. هەر شتێك لە گەردوون و ژیانی مرۆڤدا لە خاڵێك و لە چرکە ساتێك یاخود لە پێگەیەکی دەستنیشانکراوە دەستپێدەکات و لە چرکەساتێکی تردا کۆتایی پێدێت، واتە لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا پەیوەندییەکی دیالێکتیکی هەیە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ خزمەتکردنی تێکستی ڕۆمان لە گۆشەنیگای رەخنەی هاوچەرخەوە.هەر ڕۆمانێك و چاپتەرێك دەستپێك و کۆتایی جیاواز لە ڕۆمان و چاپتەری تردا هەمبێز دەکات. دەستپێکی تێکست، یەکەم هەنگاوە، دوای پێگەی ناونیشان،کە خوێنەر لە جیهانی واقیعەوە بەرەو جیهانی ڕۆمان بە شێوەیەکی ئارام بەخش دەیگوازیتەوە، کۆتایش دوا پێگەیە، کە خوێنەر لە جیهانی تێکستەوە بەرەو جیهانی واقیع دەیگەڕێنێتەوە، کە واتە شوێنی دەستپێك دەکەوێتە دەستپێکی تێکست شوێنی کۆتایی دەکەوێتە کۆتایی ڕۆمان یان چاپتەر، دەکرێ بڵێین دەستپێك پرسیارەو وەڵامەکەشی لە کۆتاییدا دەسدەکەوێت. تا ئێستا لێکۆڵێنەوەیەکی ئەکادیمی سەربەخۆ دەربارەی ئەم دوو پێگەیە لە ڕۆمانی کوردیدا ئەنجام نەدراوە.ئەم لێکۆڵینەوەیە پەیوەستە بە بنەمای هونەری کۆتایی و پەیوەند بوونی بە دەستپێك" بۆیە سوودمان لە رەخنەی هونەری و هەندێ لایەنی شێوازگەری بینیوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لەلایەك لەرووی تیۆرییەوە تیشکی خستووەتە سەر پێگەو جۆرو ئەرکی چەمکی (کۆتایی) و پەیوەندییەکەی، لەلایەکی ترەوە وەك نموونەیەکی پراکتیکی ئامادەبوونی ئەم چەمکە لە ڕۆمانی(ئەڤین و شەوات)دا، یاخود بۆ شیکردنەوەی چۆنێتی و چەندایەتی ئامادەبوونی چەمکی (کۆتایی) لە

* ئەم لێکۆڵینەوەیە پشکەکە لە تێزی دکتۆرا لە ژێر ناونیشانی(ئیستاتیکای دەستپێك لە ڕۆمانی کوردیدا بە نموونەی دەقەکانی(کانگەی بەلا) و (ئەڤین و شەوات)لە لایەن قوتابی(پەیمان محەمەد عومەر) ئامادەکراوە،بە سەرپەرشتی (پ.هـ.د.فوئاد رەشید محەمەد).

** ڤەکولەرێ سەرەکی.

رۆمانی ناوبراودا.لێکۆڵەر لە کۆتاییدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە و لە چەند خاڵێك خراوەتە روو، سەرەرای لیستی ئەو سەرچاوانەی، کە لە نووسینی لێکۆڵینەوەکەیدا سوودی لێبینیوە.

## 2. کۆتایی لە رەخنەی ئەدەبیدا

### 1.2. پێناسەی کوتایی:

بە شێوەیەکی گشتی مەبەست لە کۆتایی تێکست((بەشی کۆتایی تێکستە،زۆر جار درێژ ئەبێت،کە بەکورتی باسی ئارمانجی تێکست، یان ئەو ئەنجامانەی کە لێکوڵینەوە بە دەستی هێناوە، یان دوا گەشەکردنی ڕووداوەکان ئەگەر تێکستەکە ڕۆمان بێت،دەکات))[1] واتە شوێنی کۆتایی دەکەوێتە کۆتایی تێکست کە بە هۆیەوە خوێنەر هەست بە کۆتایی تێکست دەکات،کە بە شێوەیەکی کورت ئارمانج و ئەنجام و دوا گەشەکردنی ڕووداوەکان دەخاتە روو"بەڵام مەرج نییە کۆتایی ڕووداوبێت" چونکە زۆر جار کۆتایی تێکست تەواو بووە لێ کۆتایی ڕووداو هەڵواسراوە و ئەمەش زیاتر دەچێتە ژێر خانەی کۆتایی کراوە.

هەر لە سەردەمی یونانییەکانەوە(ئەرستۆ) لە بواری پلۆتدا بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ ئاوڕی لە کۆتایی داوە وەدەڵێت:((بە سروشتی خۆیەوە بە دوای شتی تردا دێ،چ بە ناچاری بێ و چ بە شیاوی بێ"بەڵام خۆی هیچ شتی تری بە دوادا نایەت))[2] واتە کۆتایی هیچ شتی بە دوادا نایەت" بەڵام کۆتایی لە پاش شتی تردا دێت، بە پێچەوانەی دەستپێك.

### 2.2. قەبارە و سنووری کۆتایی:

لە سەرچاوەی رەخنەی ئەدەبیدا کۆتایی، تەنها قەبارەیەکی دیاریکراوی بۆ دەستنیشانکراوە"بەڵکو چەند قەبارەیەکی جیاوازی وەکو(وشەی کۆتایی،ڕستەی کۆتایی، پەرەگراف، لاپەرە)[3]بەرچاو دەکەوێت.هەروەها لێرەدا پێویستە بزانین کەی کۆتایی دەستپێدەکات؟ دەسنیشانکردنی سنووری دەستپێکردنی کۆتایی کارێکی ئەستەمە" چونکە هیچ پێوەرێکی رەها نییە بۆ بریاردان لە سەری" بەڵام دەکرێ لە رێگەی چەند ئاماژەیەك هەست بەخاڵی دەستپێکردنی کۆتایی بکرێت وەکو: (لە سەری ریز دەستپێبکرێتەوە و بۆشاییەکی فراوان لە نێوان نووسینەکە بە جێ بهێڵدرێت و ئەمە دەبێتە کۆتایی، هەندێك وشەی دەربرینی ، کە دەربرین لە کۆتایی دەکات وەکو: (لە کۆتاییدا،دوا گوتە...هتد)، هەروەها لە خاڵی گواستنەوەی گێڕانەوەیی ڕووداو بۆ وەسف، یان شرۆڤەکردن،گۆڕینی بابەت)[4]. چەند ئاماژەیەکی تر وەکو (خاڵبەندی، شێوازی کۆتایی وەکو(تەواوبوون، کۆتاییهات،کۆتایی)،چەسپاندنی مێژوو، شێوازی کۆتایی بۆ ڕۆمانی زنجیرەیی،...)[5]واتە لە رێگەی (فۆرم ، ناوەرۆك، وشەی دەربرینی) دەستپێکردنی کۆتایی دەستنیشاندەکرێت، کە تا رادەیەك هەمان پێوەرەکانی کۆتایی هاتنی دەستپێکە.

### 3.2. رۆڵ و گرنگی:

هەبوونی کۆتایی لە تێکستدا، بێ گومان بەها وگرنگی و ئەرکی خۆی هەیە.کۆتایی رۆڵی خۆی لە پێکهاتەی تێکستدا دەگێرێت، یاخود ((لایەنەکی هەرە گرنگە لە پێکهێنانی بنیاتی تێکستی داهێنراو...))[6]بە مەش کۆتایی وەکو دەستپێك رۆڵ وگرنگی خۆی لە بنیاتنانی تێکستدا دەبینێت.ئەرکی کۆتایی،کۆتایی هێنانی تێکست لەخۆدەگرێت و، بەهۆیەوە خوێنەر هەست بە کۆتایی هاتنی تێکست دەکات،کۆتایی دوو ئەرك لەخۆدەگرێت(1-کۆتایی هاتنی تێکست.2- داو شتە کە کوێگر دەیبیستیت، کە کاریگەریەکی جوانی لا دەهێڵێت)[7]. واتە خوێنەر لە رێگەی چەند ئاماژەیەك هەست بە کۆتایی هاتنی تێکست دەکات، لێرەدا زیاتر ئاشکرا دەبێت، کە کۆتایی پێکهاتەیەکە لە پێکهاتەکانی تێکست، لە هەمان کاتدا پەیوەستە بە خوێنەریش، کە هیچ کۆتاییەك نییە ئەگەر بە پرۆسەی خوێندنەوە تێنەپەرێت.

کۆتایی بەپێی (ژانری ئەدەبی)[8] گۆڕانکاری بە سەردا دێت، سەرەڕای ئەوەی لە یەك ژانریشدا ئەم گۆڕانکارییە بەدی دەکرێت(کۆتایی رەنگدانەوەی ئەو ژانرە ئەدەبییە،کە دەقەکە لەخۆدەگرێت،کۆتایی ڕۆمانی مێژوویی جیاوازە لە کۆتایی ڕۆمانی خۆشەویستی، یان پۆلیسی)[9]واتە کۆتایی ڕۆمان بە پێی جۆری ڕۆمان دەگۆڕدرێت، کۆتایی ڕۆمانی خۆشەویستی کۆتاییەکەی بریتییە لە بە یەك گەیشتنی، یان دابڕانی خۆشەویست"لێ ڕۆمانی پۆلیسی کۆتاییەکەی بریتییە لە دەستگیرکردنی تاوانبار.

### 4.2. جۆری کۆتایی:

دەرئەنجامی هەمەرەنگی جۆری ڕۆمان چەند جۆرە کۆتاییەك بەرچاو دەکەوێت، نووسەران و رەخنەرگران چەند پۆلێنێکیان بۆ جۆرەکانی کۆتایی دەستنیشانکردووە،بەپێی بۆچوونێك کۆتایی دابەشی سەر دوو جۆر دەبێت، کە ئەمانەن[10]:

1- **کۆتایی داخراو:** ئەو جۆرەیە کە ڕووداوەکان کۆتاییان پێهاتووە و ڤەگێریش بەردەوامە لە سەر قسەکردن دەربارەی ڕووداوەکان.کۆتایی داخراو، زیاتر رازی بوونی خوێنەر بە دەست دێنێت" چونکە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دەداتەوە و دەروونی ئارام دەبێت.

2- **کۆتایی کراوە:** لەم جۆرەدا، ڤەگێر لە قسەکردن رادەوەستێت بەر لەوەی بگاتە کۆتایی ڕووداوەکان.کۆتایی کراوە، زیاتر لە گریمانەیەکی تێدایە" بۆیە هاندەرێکی بە هێزترە و خوێنەر لە رێگەی

پێشـــبینی ئەوکۆتاییانەی پێی رازییە، بەشـــداری لە ئامادەکردنی دەکات.

هەروەها بەپێی پۆلێنێکی تر کۆتایی دابەشی سەر شەش جۆر دەبێت، ئەویش[11]:

1- **کۆتایی کورتکراوەیی**:کۆتاییەکی ئاســـایی و تەقلیدییە، کە کارکتەر بە شێوەیەکی کۆتایی و ورد ئاریشەکە چارەسەر دەکات.

2- **کۆتایی هزریی**: جۆرێکی نوێیە کە بە کۆتاییەکی دەستنیشانکراو گرێ نەدراوە،کە بۆ خوێنەر بەجێ دێلێت، بۆ ئەوەی بەشـــداری لە وێنەکێشـــانی کۆتاییەکی گونجاو بکاتەوە. ئەم جۆرە کۆتاییە بۆ خوێنەری ئاسایی بێزارکەرە.

3- **کۆتایی ئاگادارکاری**: لەم جۆرەدا سـەرەڕای ئەوەی کە کێشـە سـەرەکییەکە چـارەسـەرکراوە"بەڵام خوێنەر هێشـتا حەز بە زانینی زیاتری ئەو دۆخە دەکات کە لە چـارەسـەرکردنەکەوە دێتە ئاراوە،لەم جۆرەدا ڕۆماننووس هەندێ ئاماژەی پێ دەدات کە بەندە بە ئایندەوە.

4- **کۆتایی دابەزینی لە ناکاو**: مەبەسـت پێی ئەوەیە کە ڕووداوی زیادە یان کاریگەرییەکی ســوزداری بە ســەریدا زیاد دەکرێت پاش جێبەجێکردنی چارەسەری، سەرەڕای ئەوەی رەنگە ڕۆمان بە کۆتایی هاتبا بەر لە کەشەپێدانی.

5- **کۆتایی شیکاری**: کە وشەیەك یان گۆتنەك، یان هزرێك یان هەر ئامرازێکی تر بۆ شـیکاری بەکار بهینرێت، زۆرێنەی جار ئەمە بەشـێك دەبێت لەو زانیارییانەی کە لە پلۆتی چیرۆکەکەدا بەکارهێنراوە و پێی کاریگەر بووە.

6- **کۆتایی پێچــەوانە**: تەواو دژی دەســتپێکە، کە دەســتپێك بە دۆخێك دەســتپێبکات و کۆتایی بە دۆخێکی هاودژ کۆتایی دێت.ئەمە دەچێتە ژێر چوارچێوەی پەیوەندی دەستپێك بە کۆتایی.

## 5.2. کۆتایی و پەیوەندی بە دەستپێك:

ژیانی مرۆڤ لە چرکە ساتێك دەستپێدەکات و لە هەمان کاتدا لە چرکە ســاتێکیش کۆتایی پێ دێت.بێ گومان ئەمەش ئاماژەیە، کە پێویســتە هەر کارێك لە پێگەی دەســـتپێکەوە دەســـتپێبکات و بەرەو پێگەی کۆتایی بڕوات.

لە بواری ئەدەب بە گشـــتی و تێکســـتی گێڕانەوەیی- ڕۆمان- بە تایبەتی، بوونی دەستپێك مەرجێکی سـەرەکی تێکسـتە" چـونکە هیچ تێکستێك بێ دەستپێك دروست نابێت.بە هەمان شێوە بەهای کۆتایش لە دەسـتپێك کەمتر نییە"بۆیە پێویسـتە تێکسـتی ڕۆمان کۆتاییشـی هەبێت،(فرانك کرمود) پێیوایە، کە کۆتایی ڕۆمان مەبەســت پێی بێ توانایی ڕۆماننووس نییە لە بەردەوامی گێڕانەوە " بەڵکو مەبەست پێی ئەوەیە، کە ڕۆماننوس دەیەوێت کۆتایی بە ڕۆمانەکەی بهێنێت ، کە هەموو ڕووداوەکان گرێدراون و بەرەو کۆتاییەکی دیاریکراو دەڕوات" چونکە ناکرێت ڤەگێڕان بۆ هەتا هەتا بەردەوام بێت[12].واتە دەستپێك و کۆتایی دوو جەمسەری پێکەوە گرێدراون بۆ هەر تێکستێك.

دەستپێك و کۆتایی شوێنی ستراتیژی لە تێکستدا داگیردەکەن، وەکو سـنوورێك وان، کە چـواردەوری تێکسـت سـنووردار دەکەن" چـونکە شـــوێنی هەردووکیان قەراغییە، بەدیدی(یوری لوتمان) دەســـتپێك و کۆتایی(وەکو دوو قەراغی تێکسـت،کە بە ئەرکی دەسـتنیشـانکردنی (تێکست) لە ((ناتێکست))جێبەجێ دەکەن) [13]

مەرجێك لە مەرجەکانی دەستپێکی سەرکەوتوو، پێویستە دەستپێك تا کۆتایی تێکست بەردەوام بێت"بەڵام تایبەتمەندی کۆتایی سەرکەوتوو، بریتییە لە (وەڵامدانەوەی ئەو پرسـیارانەی کە ڕۆمان لە سـەری بنیات نراوە و، پێویستە لەگەڵ سروشتی بابەت گونجاو بێت،بە شێوەیەکی ســەرنجراکێش و ســەرســورهێنەر بێت، کە پێشــتر خوێنەر تێبینی نەکردبێت و، پێویســـتە لۆژیکی بێت و لە هەمان کاتدا گونجاو بێت لەگەڵ ئەوەی پێشـتر ڕۆمان پێشـکەشـی کردووە)[14]. واتە پێویسـتە کۆتایی ڕۆمان وەك (وەڵامێك) بێت بۆ دەستپێکی ڕۆمان، کە(پرسیارە) و لە هەمان کاتدا پێویستە سەرنجراکیش و گونجاو بێت لە گەڵ بابەتی دەسـتپێك(پرسـیار)، لێرەدا پرسـیارێکمان لا دروسـت دەبێت، ئەری دەســتپێکی ڕۆمان، کە(پرســیارە) وەڵامی تەنها لە کۆتایی دەســت دەکەوێت؟ دەســتپێکی ڕۆمان لە(لاپەرەکانی دەســتپێکی ڕۆمان پرســیاری خۆی دەکات و وەڵامیش لە لایەك لە ڕێگەی گەشــەپێدانی ڕووداو و، لــە لایــەکی ترەوە لــە ڕێگــەی کۆتــاییــەوە دەســـتی دەکەوێت)[15]واتە کۆتایی هەمیشـە وەڵامە بۆ دەسـتپێك.پرسـیار و وەڵام لە نێوان دەســتپێك و کۆتایی چــەند شــێوەیەکی جیاواز وەردەگرن، کە ئەمانەی خوارەوەن[16]:

1. لە دەســتپێکی ڕۆماندا، کارکتەر یەکســەر دەســت بە ڕووداو دەکات" بەڵام بە کوتاییەکی کراوە کۆتایی دێت، واتە چــیرۆکەکە هێشــتا کۆتایی پێ نەهاتووە. ئەمە دەچــێتە ژێر چــوارچــێوەی جۆرەکانی کۆتایی.
2. پێکچواندنی نێوان دەستپێك و کۆتایی.
3. دابڕاندنی پەیوەندی نێوان دە ستپێك و کۆتایی.واتە پەیوەندی لە نێوان دەستپێك و کۆتاییدا نەبێت.
4. کۆتایی وەکو ئاشـکراکردنی نهێنییەکە،کە لە دەسـتپێکی ڕۆماندا هاتووە.

دەسـتپێك پرسـیارە وەڵامەکەی لە کۆتایی دەسـتدەکەوێت، یاخود پەیوەندییەکی گونجاو لە نێوانیاندا هەیە، هەندی جار پەیوەندیان هاودژە یان دابراوە ئەمەش لەسەر سروشتی تێکست دەمینێت.

سەرەڕای ئەم پەیوەندییە،کە دەستپێك و کۆتایی خاوەن شوێنێکی ستراتیژینە لە خاڵێکی تریش هاوبەشن، کە(دەستپێك،قۆناغێکی ئارام وسەقامگیرە بۆ قۆناغێکی نا ئارامی دەگۆردرێت و لەکۆتاییدا بۆ قۆناغی ئارام و سەقامگیری دەگەڕێتەوە، بە هۆی شوێنی دەستپێك وکۆتایی وەکو دوو قۆناغی سەقامگیر و ئارامن)[17].دەکرێ(کۆتای کراوە) ببێتە دەستپێکێك بۆ ڕۆمانێکی تر((کۆتایی کراوە پاش تەواو بوونی کار، دەبێتە دەستپێکەك بۆ کاریکی نوێ))[18] واتە مەبەست پێ ئەوەیە، کە تێکست کۆتایی پێ هاتووە " بەڵام ڕووداو هێشتا بەردەوامە، ئەم کۆتاییە کراوە دەبێتە دەستپێکێکی تازە بۆ ڕۆمانێکی تر. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە،بڕوانە ئەم هێلکارییەی خوارەوە:




هێلکاری ژمارە (1)

(ئارامی دەستپێك وکۆتایی وکۆتایی کراوە و دەستپێکێکی تازە)

ئاشکرایە، کە دەستپێك و کۆتایی لە چەند لاوە گونجاندن و پەیوەندی لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت" بەڵام ئەمە ئەوە ناگەینێت، کە هاودژی و جیاوازی لە نێوانیاندا نەبێت. سەرەڕای ئەم پەیوەندییەی نێوان دەستپێك وکۆتایی هەیە، لێ لە هەمان کاتدا لە چەند خاڵێك جیاوازی لە نێوانیاندا بەرچاودەکەوێت، ئەویش ئەمانەی خوارەوەن:

1. ((گریماس) چەمکی دەستپێکی بە چەمکی کۆتاییەوە گرێ دەدات،کە دەستپێك فرە گریمانەی تێدایە" بەڵام کۆتایی تەنها یەك گریمانی هەیە)[19] واتە لە کاتی خوێندنی دەستپێك خوێنەر گریمان بۆ کۆتایی دەستنیشاندەکات" بەڵام لە کاتی خوێندنەوەی کۆتایی– کۆتایی داخراو– تەنها یەك گریمان بەرجەستە دەبێت.مەرج نییە ئەو گریمانەی خوێنەر بۆ کۆتایی تێکستی دایناوە دروست بێت" چونکە هەندێ جار ڕەنگە گریمانەك لە گەڵ کۆتایی دروست بیت و، ڕەنگە هیچ گریمانەك لە گەڵ کۆتایی ڕێك نەکەوێت.

2. (کاتی خوێنەر دەچێتە نێو جیهانی تێکست (دەستپێك)، وەکو دۆخی دەرکەوتن وایە لە جیهانی تێکست (کۆتایی) )[20]خوێنەر لە ڕێگەی کۆتاییەوە لە جیهانی تێکست و خەیاڵ دەردەکەوێت و بەرەو جیهانی واقیعی دەگەڕێتەوە و ئەمەش بە پێچەوانەی دەستپێکە" چونکە لە دەستپێکدا خوێنەر لە جیهانی واقیعی دوور دەکەوێتەوە و بەرەو جیهانی خەیاڵییانەی تێکست دەڕوات.

لە کۆتاییدا بەشێوەیەکی ڕاشکاوی بۆمان دەرکەوت، کە پەیوەندییەکی پتەوە نێوان دەستپێك و کۆتایی سەرکەوتوو هەیە و، ئەم هەردوو پێکهاتەیە بە چوارچێوەی تێکستی ڕۆمان دادەنرێن و بە ترازانی پێکهاتەیەك تێکست گرنگی خۆی لە دەست دەدات.هەردووکیان پێکهاتەی تێکستی سەرەکین، و تێکستی هاوتەریب نین.

## 3. کۆتایی و پەیوەندی بە دەسپێکەکانی ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات)

ڕۆمانی( ئەڤین وشەوات) ڕۆمانێکی چاپتەرکراوە ،دابەشی سەر(12)[21] چاپتەر دەبێت و هەر چاپتەرێکیش دەستپێك وکۆتایی خۆی هەیە.هەر کۆتاییەکیش تایبەتمەندی وجۆری خۆی هەیە.

1.3. ئەم چاپتەرەی ڕۆمانی (ئەڤین وشەوات) [22] سنووری دەستنیشانکردنی دەستپێکردنی کۆتایی تێکست، کە لەم خاڵەدا دەستپێدەکات ((ژخوە باوەر نەکر کو وی ئەوگاڤ ئاڤێت وخوە بستەهـ کر وکاری ب کەچکەکا نەدنیاسی رە باخڤە. لێ پر ژ هندێ نەرەحت بوو کو هەر تشت وەها زوو چوو و ئەو نەگهاشت، هەما چ نەیە، پرسیارا ناڤێ وێ ژێ بکە. وی خوە ب هندێ قایل کر کو هەمی تشت ب لەزێ چێ نابن و کەس ب پلەکێ نە چوویە سەرێ ملەکێ. لێ بەلێ ئەو د هزرا هندێ دەما، کا دێ چاوا و کەنگی وێ ببینەڤە)) [23] ولەم خاڵەتدا کۆتایی بە چاپتەری یەکەم دێت.تایبەتمەندی ئەم کۆتایە بە شێوەیەکی گێڕانەوەی وەسفی دەستپێکردووە، قەبارەشی پەرەگرافێکە.

پێوەری دەستنیشانکردنی سنووری دەستپێکردنی کۆتایی، لە ڕووی فۆرمەوە، کە بۆشاییەك نێوان ئەم پەرەگرافە و پەرەگرافی پێش خۆی هەیە، لە ڕووی ناوەڕۆکەوەش سەرەداوەکانی ئەم کۆتاییە بەردەوامە. واتە دەستنیشانکردنی سنووری دەستپێکردنی کۆتایی لە ڕووی فۆرم دەستنیشاندەکرێت.

ئەم کۆتاییە ئاماژە بە بوێری (سەردار)دەکات، کە لەگەڵ کچێکی نەناس قسە بکات. لە هەمان کاتیشدا فریانەکەوت تەنانەت ناویشی بزانێت وبیری لەوە دەکردەوە چۆن و کەی دەیبینێتەوە.

کۆتایی ئەم چاپتەرە،کۆتاییەکی (کراوە)یە" چونکە ڕووداوەکان کۆتاییان پێ نەهاتووە" بەڵام ڕۆماننووس کۆتایی بە تێکستی چاپتەری یەکەم دەهێنێت. ئەم کۆتایە دەبێتە دەستپێك بۆ

چاپتەری(2)ی ئەم ڕۆمانە، ئەمەش تایبەتمەندی جۆری کۆتایی کراوەیە.

پەیوەندی نێوان دەستپێکی و کۆتایی ئەم چاپتەرە، پەیوەندییێکی(گونجاوە)" چونکە دەستپێك ئاماژەی بە( دیالۆگ نێوان(سەردار) و(هەڤال) دەدات، کە (سەردار) (هەڤال) ئاگادار دەکات، تا تەماشای ئەوکچە شرینە بکات و لە هەمان کاتیشدا خەریکی چایە)" بەڵام کۆتایی ئاماژە بە بوێری(سەردار) دەکات، کە لەگەڵ ئەوکچە شرینە قسە دەکات.واتە لە دەستپێکدا تەماشای دەکات و لە کۆتایی قسەی لەگەڵ دەکات.

2.3. ئەم چاپتەرەی ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات) ، سنووری دەستپێکردنی کۆتایی تێکست، لەم خاڵەدا دەستپێدەکات ((ئاگاهداریا هەڤالی یاداوین دلێ سەرداری یێ کو ب ئاگاهداریا یەکەمین گەش بووبوو چرمساند و ئێدی نەما ل بیرا سەرداری کو وی هەڤال بانگی چایڤەخوارنێ کربوو. ئەو ل وێ دەرێ ژ هەڤودو ڤەقەتیان و هەر کەسەك چوو سەر رێیا خوە.))[24] ولەم خاڵەدا چاپتەر کۆتایی دێت. تایبەتمەندی ئەم کۆتاییە، بە شێوەیەکی گێڕانەوەی وەسفی دەستیپێکردووە، قەبارەشی پەرەگرافێکە.

سنووری دەستپێکردنی ئەم کۆتاییە لە ڕووی فۆرمە، کە بۆشاییەك نێوان کۆتایی وپەرەگرافی پێش خۆی هەیە، هەروەها لە رێگەی وشە(دوایین) ئاماژەی بە واتای کۆتایی دەدات.لە ڕووی ناوەڕۆکەوە سەرەداوێك کۆتایی پێدێت،وەکو(( ئەو ل وێ دەرێ ژ هەڤودو ڤەقەتیان و هەر کەسەك چوو سەر ریێا خوە.))[25]. واتە سنووری دەستپێکردنی کۆتایی لەڕووی فۆرم و وشەی (دوایین) و ناوەڕۆك دەستنیشاندەکرێت.

ئەم کۆتاییە، ئاماژە بە ئاگادارکردنەوەی (سەردار) لە لایەن( هەڤالە)وە دەکات، کە بە ئاگاداری یەکەم دلێ گەش دەبێت و بە ئاگاداری دووەم دلێ سیس دەبێت و دواتر لە بیری نەما ، کە (هەڤال)ی بانگی چای خواردنەوەی کردبوو و هەر لە وێ لە یەکتری دادبڕین.

کۆتایی ئەم چاپتەرە،کۆتاییەکی (داخراوە)" چونکە کۆتایی بە ڕووداێك لە ڕووداوەکانی ناوەڕۆك هێنراوە،(سەرداری گازی (هەڤال)ی کرد بۆ چای خواردنەوە" بەڵام هەڤال داوای لێ کرد کەچیتر ناتوانێت زۆر لەگەڵی بێت)، هەروەها تێکستیش کۆتایی پێدێت.

پەیوەندی نێوان دەستپێکی و کۆتایی پەیوەندێکی(دابڕاوە)، دەستپێك بریتییە لە(گەرانی (سەردار) بەدوای ئەوکچەی، کە ڕۆژی پێشتر دیتبووی.لە رێگەی(هەڤال) تاکو ناوی کچەکە و زانیاری تریشی پێبدات، سەرەڕای ئەوەی خەڵکی دهۆکە)" بەڵام کۆتایی بریتییە لە(سیس بوونی دلێ(سەردار) بەرامبەر بە گەیشتی هەواڵی کارکردنی لە ڕێکخستنێکی سیاسی دا ولە(هەڤال) دادەبڕێت)، دەستپێك باسی زانیاری دەربارەی(چنار) دەکات وکۆتایی زانیاری دەربارەی (سەردار) وکارکردنی سیاسی دەکات.

3.3. سنووری دەستپێکردنی کۆتایی تێکستی ئەم چاپتەرەی ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات) ، کە لەم خاڵەدا دەستپێدەکات ((ئێدی دەرفەتا هزرکردنێ دوێ پرسێ دە ژی نەمابوو، ژ بەر کو هێژ دەه مەتران ژ خانیێ میرزایی دوور نەکەتبوو دەما وی خوە دیتی یێ ب ئاسایشان ڤە دۆرماندۆرکریە و ئەو ژ هەر ئالیی ڤە ب دەبانجە و قۆذتاخێن کلانشیکوفێن خوەڤە،ئەو پەیاییێن ئاسایشا حکومەتا عیراقێ بەزینە وی. کەتنە سەر پشتا وی،هەست پێ کر دەڤێ وی گەرم بوو و خوین ژێ رشت.دەست لێ هاتنە گرتن وهاتە راخشاندن بۆ ناڤ ترمبێلەکێ و ژبەر لێدانا ژ هەر ئالیی ڤە ئێدی وی ئاگاه ژ خوە نەمابوو))[26] و لەم خاڵەدا ئەم چاپتەرە کۆتایی پێدێت. تایبەتمەندی ئەم کۆتاییە کە بەشێوەیەکی گێڕانەوەیی دەستیپێکردووە، قەبارەشی پەرەگرافێکە.

پێوەری دەستنیشانکردنی سنووری دەستپێکردنی کۆتایی، لە ڕووی فۆرمە، لە ریگەی نیشانەی خالبەندی(.)یەك خاڵ دەستنیشانکراوە.هەروەها لە رێگەی وشەی کۆتایی(ئێدی)،کە ئاماژە بە واتای کۆتایی دەدات. لە ڕووی ناوەڕۆکەوەش ڕووداو بەردەوامە.واتە سنووری دەستپێکردنی کۆتایی لەڕووی فۆرم و وشەی (ئێدی) دەستنیشاندەکرێت.

ئەم کۆتاییە ئاماژە بە کاتی گرتنی(سەردار) لەلایەن ئاسایشی عیراقی ولێیان داوە و دەستیان گری داوە و رایانخشاندبووە ناو سەیارە ولە هەموو لایەك لێدەدرا و بەهۆیەوە بێ هۆش دەبێت.

جۆری کۆتایی ئەم چاپتەرە، کۆتاییەکی (کراوە)یە،کە تێکست کۆتایی پێدێت" بەڵام ڕووداو بەردەوامە وتەواو نەبووە. ئەم کۆتاییە دەبێتە دەستپێکێك بۆ چاپتەری(6) ئەم ڕۆمانە.

پەیوەندی نێوان دەستپێك وکۆتایی ئەم چاپتەرە پەیوەندێکی (دابڕاوە)، دەستپێك بریتییە لە(ماڵی(سەردار) لە تاخا فەیسەڵێ لە مووسڵ بووە و دەچووە قەراغی دەریاریی دجلە و باسی خەریبونی ئارەزووی وەلاتی خۆی دەکرد وخۆی بە ڕووباری دجلە و فرات پیکدەچواند، کە چوون دجلە و فرات دەکەنە یەك و، منیش بەم شێوەیە وا بگەریمەوە وەلاتی خۆم)" بەڵام کۆتایی ئاماژە بە دەستگیرکردنی(سەردار) دەکات.

4.3. سنووری دەستنیشانکردنی دەستپێکردنی کۆتایی تێکستی ئەم چاپتەرەی ڕۆمانی (ئەڤین وشەوات، کە لەم خاڵەدا دەستپێدەکات (( چنارێ بریاردا کو رۆژا پێنجشەمبی، دەما بەهزاد تێت بۆ نك وێ، بۆ کو پێك ڤە بچن دوهۆکێ، ئەو وێ پرسێ ژێ رە ببێژە و ژێ رە

ئاشکەرە بکە کو ئەو حەز ژ سەرداری دکە و داخوازا ئاریکارییێ ژێ بکە و ژێ بپرسە کاچ باشە ئەو بکە، ژبۆ کو تشتەکی ژ سەرداری، ژ چارەنڤیسا وی بزانە.)) [27] و لەم خاڵەدا کۆتایی پێدێت.تایبەتمەندی ئەم کۆتاییە، کە بە شیوەیەکی گێڕانەوەیی دەستپێکردووە، قەبارەشی پەرەگرافێکە.

لە رێگەی دوو پێوەری (فۆرم و ناوەڕۆك) تەواوکەری یەکتری سنووری دەستپێکردنی کۆتایی دەستنیشاندەکرێت، لە رووی فۆرمەوە، بۆشاییەك نێوان کۆتایی و پەرەگرافی پێش خۆی هەیە، لە رووی ناوەڕۆکەوەش سەرەدارەکان بە ئەنجام دەگەیێندرێت، (( چنارێ بریار دا کو رۆژا پێجشەمبی، دەما بەهزاد تێت بۆ نك وێ...ئاشکەرە بکە کو ئەو حەز ژ سەرداری دکەو داخواز ئاریکارییێ ژی بکە...))[28]. ولە لایەکی ترە بابەت لە(بەهزاد وخەلیل) بۆ(چنار و بڕیارەکەی) دەگۆڕدرێت.

ئەم کۆتاییە ئاماژە بە بڕیاری(چنار) دەدات، کاتی(بەهزاد)ی برای رۆژی پێنجشەمە بە دوایدا دێت بۆ ئەوەی بە یەکەوە بگەرێنەوە دهۆك، باسی خۆشەویستی خۆی بکات و داوای هاریکاریشی لێ بکات.

کۆتایی ئەم چاپتەرە، کۆتاییەکی (ئاگادارکاری)یە" چونکە ئاماژە بۆ دوا رۆژێکی نزێك دەکات((چنار بریاری دا کو رۆژا پێنچشەمبی، دەما بەهزاد تێت بۆ نك وێ...))[29] واتە(چنار) چاوەڕوانی پێنچشەمە دەکات تاکو پرسەکەی خۆی بە بەهزاد راگەیێنێت،کە لە ناوەڕۆکی چاپتەری(8) ئەم ڕۆمانە جێبەجێبووە.

پەیوەندی نێوان دەستپێك و کۆتایی ئەم چاپتەرە، پەیوەندییەکی(گونجاوە)" چونکە ئەم دەستپێکە ئاماژە بەوە دەدات، کە(چەند رۆژە(چنار) بە دوای( سەردار) دەگەریت" چونکە خۆشیویستووە و سەرەڕای ئەوەی ئەیزانی، کە ئەم خۆشەویستە تووشی سەرئێشەی دەکات، توانای ئەوەی نەبووە باسی خۆشەویستی خۆی بۆ کەس بکات) ئەمە پرسیارە وەڵامەکەشی لە کۆتایی ئەم چاپتەر دەست دەکەوێت، کە بڕیاری دا باسی خۆشەویستی خۆی بۆ بەهزادی برای بکات.

5.3. ئەم چاپتەرەی ڕۆمانی (ئەڤین وشەوات) ، سنووری دەستنیشانکردنی دەستپێکردنی کۆتایی تێکست، لەم خاڵەدا دەستپێدەکات ((ئێدی چ گومان دهندێ دە ل با دلشادی نەمان کو ئەو سەردارە ل پشت دەرگەهی. هەر زوو دەری ڤەکر و هەردوویان کو هەڤودو دیت یەکسەر وبێ کو پەیڤان ژدەڤێن خوە بەر بدە چوون سەرو ستوییێن یەکودو و زوو دەرگەهـ ل پشت خوەگرت.))[30] و لەم خاڵە کۆتایی بە تێکستی ئەم چاپتەرە دێت.تایبەتمەندی ئەم کۆتاییە، کە بە شێوەیەکی گێڕانەوەیی و وەسفی دەستپێکردووە، قەبارەشی پەرەگرافێکە.

پێوەری دەستنیشانکردنی سنووری دەستپێکردنی کۆتایی، لە رووی فۆرمەوە لە رێگەی بۆشاییەك نێوان کۆتایی چاپتەر و پەرەگرافی پێش خۆی هەیە، هەروەها وشەی (ئێدی)، ئاماژە بە ئەنجام و کۆتایی دەدات. لەرووی ناوەڕۆکەوە سەرەداوەکانی ئەم چاپتەر بەرەو کۆتایی دەڕوات(( ئێدی چ گومان دهێندی دە ل با دلشادی نەمان...))[31]. واتە لەرێگەی وشەی (ئێدی) و فۆرم وناوەڕۆك سنووری دەستپێکردنی کۆتایی دەستنیشاندەکرێت.

ئەم کۆتاییە ئاماژە بەوە دەدات، کە هیچ گومانێك لای(دلشاد) نامێنێت و ئەوەی لە پشت دەرگایە(سەردار)ە و خێرا دەرگا دەکاتەوە و بێ قسە کردن یەکتری لە باوەش دەگرن و خێرا دەرگاکەی داخست.

جۆری کۆتایی ئەم چاپتەرە، کۆتاییەکی (داخراوە)" چونگە ڕووداوەکانی ئەم چاپتەرە کۆتایی دێت،کە پاش گرتنی(سەردار) و ترساندنی (دلشاد) و پشتی لێدان وئەشکەنجەدان و زیندانکردنی (سەردار)، کە لە دەستی دەستەلات رادەکات و دەچیتە لای دلشاد و خێرا دەرگای داخست((ئێدی چ گومان دهندێ دە ل با دلشادی نەمان...زوو دەرگەهـ ل پشت خوە گرت))[32].

پەیوەندی نێوان دەستپێك و کۆتایی ئەم چاپتەرە پەیوەندییەکی(گونجاوە)" چونکە دەستپێکی بریتییە لە( پاش ئەوەی(سەردار) دەستگیر دەکرێت (دلشاد) ترساندی خۆی بۆ (شڤان) دەربڕی و هیچ ترساندنێك لە دەم وچاوی(شڤان) بە بەر چاوی نەکەوت وپاشان (شڤان) گوتیە(دلشاد)ی: )، ئەمە پرسیارە وەڵامەکەی لە کۆتاییدا بەرجەستە دەبێت، کە(سەردار) دەگەرێتەوە لای(دلشاد)، واتە لە دەستپێکی تێکستدا(سەردار) دەستگیر کراوە و لە کۆتایی تێکستدا(سەردار) بە هەر شێوەیەك بێت لەژێر دەستەلات بەعس رزگار دەبێت ودەچێتە لای( دلشاد).

6.3. ئەم چاپتەرەی ڕۆمانی (ئەڤین وشەوات) سنووری دەستنیشانکردنی دەستپێکردنی کۆتایی تێکست، کە لەم خاڵەدا دەستپێدەکات ((چنارێ چ نەگۆت، لێ یەکسەر دسەرێ وێ دە پلانەك بۆ دەریا سکرنا وی ژ دهۆکێ چێبوو.)) [33] و لەم خاڵەدا کۆتایی بەم چاپتەرە دێت. تایبەتمەندی ئەم کۆتاییە، کە بە شێوەیەکی گێڕانەوەیی دەستپێکردووە، قەبارەشی ریزو نیوە.

لە رێگەی پێوەری فۆرم سنووری دەستپێکردنی کۆتایی دەستنیشاندەکرێت، لەرووی فۆرمەوە، لە رێگەی بۆشایی نێوان خۆی و پەرەگرافی پێش خۆی هەیە. لە رووی ناوەڕۆکەوەش سەرەداوی ئەم چاپتەرە بەردەوامەو کۆتایی پێ نەهاتووە.

کۆتاییە ئەم چاپتەرە، ئاماژە بە پلان دارشتنی(چنار) دەکات، بۆ ئەوەی( سەردار) لە سنووری دهۆك دەرباز بکات.

جۆری کۆتایی ئەم چاپتەرە، کۆتاییەکی (کراوە)یە" چونکە ڕووداوی ئەم چاپتەرە کۆتایی پێ نەهاتووە، ئەم کۆتاییە دەبێتە دەستپێکەك بۆ چاپتەری(7) ئەم ڕۆمانە. ئەم چاپتەرە لەرووی تێکست کۆتایی پێدێت. ئەمەش تایبەتمەندی جۆری دەستپێکی کراوەیە.

پەیوەندی نێوان دەستپێك وکۆتایی ئەم چاپتەرە، پەیوەندیکی (دابڕاوە)" چونکە دەستپێك بریتییە لە( پاش گرتن و ئەشکە نجەدانی(سەردار) بێ هۆش دەبێت، پاش ئەوەی، کە بەخۆدێتەوە(میرزا) و(ڕستەم) و(مەردان) لە زێندانەدا لە چواردەووری بوون و، ئاگادار کرا، کە(مەردان)قورئانی لەسەر دەخوێند و پاشان(سەردار)هەموو چیرۆکی لە (میرزا)ی زانی)" بەڵام کۆتایی بریتییە لە پلان دارشتنی دەربازکردنی(سەردار) بۆ دەرەوەی سنووری دهۆك.

7.3. ئەم چاپتەرەی ڕۆمانی (ئەڤین وشەوات) سنووری دەستنیشانکردنی دەستپێکردنی کۆتایی تێکستی ئەم چاپتەرە، کە لەم خاڵەدا دەستپێدەکات ((بەری ژ نك سەرداری دەربکەڤە وێ گوتێ:

– دەرگەهی بگرە و ل چ کەسی ڤەنەکە هەتا کو ئەو ناڤێ خوە نەبێژە !))[34] و لەم خاڵەدا کۆتایی بەم چاپتەرە دێت.تایبەتمەندی ئەم کۆتاییە، کە بە شێوەیەکی گێڕانەوەیی دەستپێکردووە، قەبارەشی دوو ریزە.

پێوەری دەستنیشانکردنی سنووری دەستپێکردنی کۆتایی، لە رووی فۆرمەوە لە رێگەی بوونی بۆشایی نێوان خۆی و پەرەگرافی پێش خۆی. لە رووی ناوەڕۆکەوە سەرەداوی ئەم چاپتەرە بەردەوامە.واتە سنووری دەستپێکردنی کۆتایی لە رووی فۆرم دەستنیشاندەکرێت.

ئەم کۆتاییە ئاماژە بە باسی رووشتنی( چنار) دەکات و شیرەتی لە(سەردار) کرد، کە دەرگا لە کەس نەکاتەوە تا ناوی خۆی نەڵێت.

کۆتایی ئەم چاپتەرە ،کۆتاییەکی (کراوە)یە، ڕووداوی ئەم چاپتەرە کۆتایی پێ نەهاتووە، لێ لە رووی تێکست ڕۆماننووس کۆتایی بەم چاپتەرە دێنێت. ئەم کۆتاییە دەبێتە دەستپێکەك بۆ چاپتەری(8)و(9) ئەم ڕۆمانە.

پەیوەندی نێوان دەستپێك و کۆتایی ئەم چاپتەرە،پەیوەندییەکی(گونجاوە)" چونکە دەستپێك بریتییە لە(پاش ئەوەی(دلشاد) گەرایەوە و (خودێدا) دەرگای لێ کردەووە و(سەردار) چاوەڕی هەواڵی خۆش و هاتنی چنار بوو) ئەم دەستپێکە پرسیارە و وەڵامەکەی لە کۆتایی چاپتەر دەستدەکەوێت، یاخود لە کۆتایدا ئاشکرا دەبێت، کە(چنار) هاتە لای(سەردار) وداوترش پاشی شیرەتکردنی (سەردار) لەوێ دەڕوات.

8.3. سنووری دەستنیشانکردنی دەستپێکردنی کۆتایی ئەم چاپتەرەی ڕۆمانی (ئەڤین وشەوات) ، کە لەم خاڵەدا دەستپێدەکات ((هەر زۆر بەهزادی دەستێ خویشکا خوە گرت و دەستمالکا خوە دایێ بۆ کو ئەو رۆندکێن خوە پێ ڤەبماله و دەرکەتن. حودێدایی هنەك تشتێن خوە یێن گرنگ زوو دانە سەر هەڤ وکرن دچانتەیەکا بچووك یاخوە دە ودگەل دلشادی، پێك ڤە، ب لەز دەرکەتن و وان بریارا خوە دا کو ئەو خوە بگەهینن گوندێ بۆزانێ، بۆ جەم نیاسێن خودێدایی و ژ وێ دەرێ بچن ناڤ دەڤەرێن رزگار کری.))[35] و لەم خاڵەدا کۆتایی بە تێکستی ئەم چاپتەرەش دێت. تایبەتمەندی ئەم کۆتاییە، کە بە شێوەیەکی گێڕانەوە و وەسفی دەستپێکردووە، قەبارەشی پەرەگرافێکە.

پێوەری دەستنیشانکردنی سنووری دەستپێکردنی کۆتایی، لەرووی فۆرمەوە لە رێگەی بوونی بۆشایی نێوان خۆی و پەرەگراف پێش خۆی. لە رووی ناوەڕۆکەوەش سەرەداوی ئەم چاپتەرە کۆتایی پێ نەهاتووە. واتە سنووری دەستپێکردنی کۆتایی لە رووی فۆرمەوە دەستنیشاندەکرێت.

ئەم کۆتاییە ئاماژە بە دەرکەوتنی (بەهزاد) و (چنار) لە ژووری(سەردار) دەکات و لە هەمان کاتیشدا (دلشاد) و (خودێدا)ش دەرکەوتن وبڕیاریاندا بچنە گوندی (بۆزانی) لای خزمەکانی(خودێدا) و لەویش بەرەو دەڤەری رزگارکراوەکان دەرۆن.

کۆتایی ئەم چاپتەرە، کۆتاییەکی (کراوە)یە"چونکە ڕووداوی ئەم چاپتەر بەردەوامە،کە بەشێکی ئەم کۆتاییە (دەرکەوتنی (بەهزاد) و(چنار)) دەبێتە دەستپێکەك بۆ چاپتەری (10)ی ئەم ڕۆمانە. بەشەکەی تریش(دەرکەوتنی( دلشاد) و(خودێدا)) دەبێتە دەستپێکەك بۆ ڕووداوێك لە ڕووداوەکانی ناوەڕۆکی چاپتەری(9).

پەیوەندی نێوان دەستپێك و بەشێك لەکۆتایی ئەم چاپتەرە، پەیوندییەکی (گونجاوە) " چونکە دەستپێك بریتییەلەوەی( کە(بەهزاد) چاوەڕوانی(چنار)ی دەکرد تا بچنەوە ماڵ، کاتی دیتی هەڵسایەوە و هەردووکیان چوونە دەستی یەکتری وسلاویان لێکتری کرد)" بەڵام بەشێك لە کۆتایی بریتییە لەوەی( کە(بەهزاد) دەستی(چنار)ی گرت وبە یەکەوە دەرکەوتن) واتە ئەم کۆتاییە وەڵامە بۆ پرسیاری دەستپێك. پەیوەندی نێوان دەستپێك و بەشەکەی تری کۆتایی (دابڕاوە)"چونکە بریتییە لە (دەرکەوتنی دلشاد و خودێدا)لە ژووری دلشاد)ئەمەش پەیوەندی بە دەستپێکی ئەم چاپتەرە نییە.

9.3. ئەم چاپتەرەی ڕۆمانی (ئەڤین وشەوات) سنووری دەستنیشانکردنی دەستپێکردنی کۆتایی تێکستی، کە لەم خاڵەدا دەستپێدەکات ((ئێڤارەکا دەرەنگ سێڤۆیی سەردار دا دگەل خوە ورێیا باکووریێ ئەلکویشیێ گرتن وبەر ب دهۆکێ و ژویێ دەریێ بۆ پشت دوهۆکێ، بۆ ناڤ پێشمەرگەیان چوون.)) [36]ولەم خاڵەدا تێکستی ئەم چاپتەرە کۆتایی دێت.تایبەتمەندی ئەم کۆتاییە، کە بە شێوەیەکی گێڕانەوەیی وەسفی دەستپێکردووە، قەبارەشی دوو ریز و نیوە.

پێوەری فۆرم و ناوەڕۆك رۆڵی خۆیان لە دەستنیشانکردنیسنووری دەستپێکردنی کۆتایی دەگێرن،لە رووی فۆرمەوە لە رێگەی خاڵبەندی نیشانەی(.) یەك خاڵ ئاشکرا دەبێت.لەرووی ناوەڕۆکەوە لەلایەك سەرەداوی ئەم چاپتەرە کۆتایی نەهاتووە، لەلایەکی ترەوە، کە بابەتیش لە(دلشاد وخودێدا) بۆ(سەردار وسێڤۆ) دەگۆڕدرێت.

ئەم کۆتاییە ئاماژە بەوە دەدات، کە(لە ئێوارەیەکی درەنگدا(سێڤۆ) لەگەڵ(سەردار) رێگای باکووری (ئەلکویشیان) گرت و لەویش بەرەو (دهۆك) و لەویش بۆ پشت (دهۆك) و بۆ ناو پیشمەرگان رۆیشتن.

کۆتایی ئەم چاپتەرە، کۆتاییەکی (کراوە)یە" چونکە ڕووداوێك لە ڕووداوەکانی ئەم چاپتەرە بەردەوامە وکۆتایی پێ نەهاتووە،لێ تێکستی ئەم چاپتەرە کۆتایی پێدێت.ئەم کۆتاییە دەبیتە دەستپێکەك بۆ چاپتەری(11)ی ئەم ڕۆمانە.

پەیوەندی نێوان دەستپێك وکۆتایی ئەم چاپتەرە، پەیوەندیەکی(گونجاوە)" چونکە دەستپێك تەنها ئاماژە بەوە دەکات، (کە چەند ڕووداوێك تێکەڵ بوونە و زۆر بە خێرا روویان داوە و ئاماژە بە ڕووداوەکان نەکراوە)" بەڵام کۆتایی ئاماژە بە دەرکەوتنی سێڤۆ لەگەڵ( سەردار) لە ئێوارەیەکی درەنگ و بەرەو دەڤەری رزگارکراو رۆیشتن)ئەمش وەڵامی دەستپێکە"چونکە ئاماژەی بە ڕووداوێك لە ڕووداوەکانی دەستپێك داوە.

10.3. سنووری دەستنیشانکردنی دەستپێکردنی کۆتایی تێکستی ئەم چاپتەرەی ڕۆمانی (ئەڤین وشەوات) ، کە لەم خاڵەدا دەستپێدەکات ((ئەو دناڤ وی شوویێ خوە یێ دۆزەخین دە دژیا.)) [37] ولەم خاڵەدا کۆتایی بەم چاپتەرەش دێت. تایبەتمەندی ئەم دەستپێکە، کە بە شێوەیەکی گێڕانەوەی وەسفی دەستپێکردووە، قەبارەشی لاپەڕەیەکە.

پێوەری دەستنیشانکردنی سنووری دەستپێکردنی کۆتایی، لە رووی فۆرمەوە لە رێگەی نیشانە خاڵبەندی(،) کۆماو دەستنیشان دەکرێت. لە رووی ناوەڕۆکەوە، لەلایەکەوە کاتێ سەرەداوەکە بەرەو کۆتایی دەدروات، ((ئەو دناڤ وی شوویێ خوە یێ دۆزەخین دە دژیا))[38] و لەلایەکی ترەوە کاتی بابەت لە( هزرو هیڤی چنار) بۆ( شوکردنی چنار) دەگۆڕدرێت. واتە سنووری دەستپێکردنی کۆتایی لە رووی فۆرم و ناوەڕۆك دەستنیشاندەکرێت.

ئەم کۆتاییە، ئاماژە بە شووکردنی(چنار) دەدات،کە لە ژیانێکی دۆزەخدا دەژیا.

کۆتایی ئەم چاپتەرە، کۆتایی (داخراوە)" چونکە ڕووداوێکی ئەم چاپتەرکۆتایی پێدێت، واتە باوکی لە مناڵی را پەیمانی بە برازای خۆی دابوو، کە( چنار)ی دەداتی، پاش گەورە بوونی هەردووکیان بەبێ رەزامەندی(چنار) باوکی مارەی دەکات و بوو بە هاوسەری(کاروان) و ژیانێکی پر لە ناخۆشی دەژیان. هەروەها لە رووی تێکستیش ئەم چاپتەرە کۆتایی پێدێت.

پەیوەندی نێوان دەستپێك و کۆتایی ئەم چاپتەرەش، پەیوەندییەکی(گونجاوە)" چونکە دەستپێك بریتییە لە(بێ دەنگ بوونی چنار)"بەڵام کۆتایی بریتییە لە شووکردنی( چنار) و ژیانێکی پڕ ناخۆشی بە رێدەکرد.واتە ئەم کۆتاییە وەڵامی بۆ دەستپێك، واتە لە ئەنجامی بێ دەنگ بوونی بە شوودرا.

11.3. ئەم چاپتەرەی ڕۆمانی (ئەڤین وشەوات) سنووری دەستنیشانکردنی دەستپێکردنی کۆتایی تێکست، کە لەم خاڵەدا دەستپێدەکات ((پاشی هەمی بێ دەنگ بوون وسەردار نەشیا وی زەلامی ژ هزرا خوە دەربخە و سترانا وی دەرگەهـ دناڤ وی دە، ل بەر دنیایەکا هزران ڤەکرن.))[39] و لەم خاڵەدا ئەم چاپتەرەش کۆتایی پێدێت. تایبەتمەندی ئەم کۆتاییە، کە بەشێوەیەکی گێڕانەوەیی دەستپێکردووە، قەبارەشی دوو ریزە.

پێوەری دەستنیشانکردنی سنووری دەستپێکردنی کۆتایی، لە رووی فۆرمەوە، لە رێگە بوونی بۆشایی نێوان خۆی و پەرەگرافی پێش خۆی و، هەروەها وشە(پاشی) ئاماژەیە بۆ کۆتایی.لەرووی ناوەڕۆکەوەش، کە سەرەداوی ڕووداوێك کۆتایی پێدێت(( پاش هەمی بێ دەنگ بوون وسەردار...))[40]واتە سنووری دەستپێکردنی کۆتایی لە رووی فۆرم وشەی (پاش)ی و ناوەڕۆك دەستنیشاندەکرێت.

ئەم کۆتاییە، ئاماژە بەبێ دەنگ بوونی هەمووان- سەردار وپێشمەرگەکان – دەکات. بەهۆی گۆڕانی( سالۆ)،(سەردار) نەیتوانی گۆرانی ئەم پیاوە لە مێشکی خۆی دەربخات وکەوتە جیهانی بیرکردنەوە.

کۆتایی ئەم چاپتەرە، کۆتاییەکی (داخراوە)" چونکە ئاماژە بە کۆتایی ڕووداو دەدات، یاخود پێشمەرگەیەك سەرهاتی(سالۆ)ی بۆ دەگێڕیتەوە و بەمەش گۆڕانی( سالۆ) کاریگەری لە سەر( سەردار)دەکات. هەروەها ئەم چاپتەرەش لە رووی تێکستیش کۆتایی پێدێت.

پەیوەندی نێوان دەستپێك و کۆتایی ئەم چاپتەرە، پەیوەندیەکی(دابڕاوە)، دەستپێك ئاماژە بەوە دەکات، کە(بە هاریکاری(سێڤۆ)ی(سەردار) دەگاتە دەڤەری رزگار کراو)" بەڵام کۆتایی ئاماژە(بۆ بێ دەنگ بوون و، کاریگەربوونی (سەردار) بە گۆرانی(سالۆ) و بەهویەوە کەوتە جیهانی خەیاڵکردن).

12.3. سنووری دەستنیشانکردنی دەستپێکردنی کۆتایی تێکستی ئەم چاپتەرەی ڕۆمانی (ئەڤین وشەوات) ،کە لەم خاڵەدا دەستپێدەکات ((و ژناڤا گەلیەکی دەنگێ سترانەکێ هات و سەرداری دەنگێ سالۆیی ژێ ناس کر دبێژە:

(( هەیلۆ براوۆ

دەبنێرە کا ڤان بێ هش و نەزانێن گوندێ مە چ ئانی سەرێ تەو مە وخوە،

دە رابە تەماشا بکە ڤێ کەلەخستانێ، ڤێ مرنستان و کاڤلستانێ،

دەرابە ڤێ خەمستانا مە بکە لاڤژە و بلۆرینە.

هەیلۆ دلدارێ منۆ،

دایك وبابێ منۆ،

تو خۆرتێ خۆرتان بوویی،

تو زاڤایێ بەر دلێ بووکێ بوویی.

هەیلۆ براوۆ تە دیت چاوا مەژیرەشی و نەفامیا مرۆڤان چ تینە سەرێ وان،

تە دیت چاوا فتنە هلبوو وگوندیان ب دەستێن خوە ئاگر بەردا مالا مە و مالا خوە،

ئو کێڤا نەیار ونەحەزان ئانی ب مە وخوە.

هەی لۆ براوۆ، هەتا نوکە ژی کویخە و مەزنێن مە بۆ شەخسێن خوە،

بۆ ناڤ و خوەشیا خوە، بلا زیانا مە هەمیان ژی تێ دە بە،

نۆکەرێی بۆ نەیاران دکن،

سەرشۆریێ بۆ داگیرکەران دکن...)) ))[41] ولەم خاڵەدا کۆتایی بە چاپتەر دێت. تایبەتمەندی ئەم کۆتاییە،کە بە شێوەیەکی گێڕانەوەیی دەستپێکردووە، قەبارە شی لاپەڕەکە.ئەم چاپتەرە دوا پێگەیە ، کە خوێنەر لە جیهانی تێکستی ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات) بۆ جیهانی واقیع دەگەرێنێتەوە.

پێوەری فۆرم و ناوەڕۆك دوو تەواوکەری یەکترین، کە رۆڵی خۆیان لەدەستنیشانکردنی سنووری دەستپێکردنی کۆتایی دەگێرن، لە رووی فۆرمەوە لە رێگەی نیشانەی خاڵبەندی(.) یەك خاڵ دەستنیشاندەکرێت.لەرووی ناوەڕۆکەوە، کە بابەت لە (گەرانەوەی خێرانێك)بۆ(دەنگی گۆرانی سالۆ) دەگوازرێتەوە.

ئەم کۆتاییە ئاماژە بە بیستنی گۆرانی (سالۆ) دەکات، کە بە گۆرانی بە سەرهاتی کوشتنی براکەی دەگێریتەوە و خەڵکی گوندی جیان بە سەر خۆیان و ئەوانیان هێناوە وبرایەکەی کۆژاوە، کە خەڵکی گوندیماڵی خۆیان وئێمەیان وێران کرد و گەورە و کویخەی ئێمە تەنها لەبەر خودی خۆیان و خۆشیان، دەبنە سیخوری دژمنان، با هەر زیان بە ئێمە بگات.

جۆری کۆتایی ئەم چاپتەرە، کۆتاییەکی (شیکاریە)" چونکە ئەم کۆتاییە بە گۆرانی وهەست و سۆزی(سالۆ) کۆتایی پێدێت،زانیاری ناوەڕۆکی گۆڕانیەکە لە ناوەڕۆکی ڕۆمان دەچێت، یاخود هەندێك لە ڕووداوەکانی لاوەکی وەرێگراوە، وەکو:(دایك و باوکی (سەردار) بەهۆی بوختانی (شیخ رەجەب)، کە ئەوان سیخورن و لە گوندی دەردەکرێن. کاتی پارتەکی تورکی(کورد) کورد دەگوژن – هەرمان و رێبەر–، کاتێ باوکی( چنار) چەتەبوو ئەمەش لە پێناو پارە و خۆشی لە خزمەتی دەستەلاتی بەعس بووە، کە ماڵی خەڵکی هەژاریان وێران دەکرد لە پێناو بەرژەوندی خۆیان و دژی پێشمەرگە وکورد بوونە، هەروەها کاتی(قادر) باسی رێکخستنی نهینی خۆیان بۆ رژیمی بەعس دەگێڕایەوە و بە دەستی ئەوان هاوڕێکانی دەگوژرێن، ئەمانەش هەمووی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لە گۆتایی تێکستدا یاخود لە گۆرانی(سالۆ) بەرجەستە دەبێت،کە خەڵکی گوندی(سالۆ) بونە هۆکاری گوشتنی برای(سالۆ)،ماڵی خۆیان و ماڵی (سالۆ)یان وێران کرد، کە گەورەو کویخەی سیخوری بۆ دژمنان دەکەن.

پەیوەندی نێوان دەستپێك و کۆتایی ئەم چاپتەرە، پەیوەندییەکی(دابڕاوە)" چونکە دەستپێك ئاماژە بە(گەنکەشەیەکی دووروودرێژ لە کۆمیتەی دەڤەر دەکات)" بەڵام کۆتایی ئاماژەی بە گۆرانی(سالۆ) دەکات.

دوای شرۆڤەکردنی کۆتایی تێکستی چاپتەرەکانی ئەم ڕۆمانە، بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە شوێنی کۆتایی ڕووداوی سەرەکی دەکەوێتە چاپتەری(12) بە پەرەگرافێك پێش دەستنیشان کردنی کۆتایی تێکست، (رۆژا پاشترێ، بێ خوە گرتن، وان بەرێ خوە دا باشوورێ وەلاتی...))[42] کۆتایی دێت. ڕۆماننووس تەکنیکی کۆتایی بەشێوەیەکی سادە بەرامبەر خۆێنەر پەیڕەوکردووە، خوێنەر بە شێوەیەکی ئاسایی ئاگادرای گۆتایی تێکست و کۆتایی ڕووداوەکان دەبێت.

هەندێك لە کۆتایی تێکستی چاپتەرەکانی ڕۆمانی (ئەڤین و شەوات) بوونەتە دەستپێك بۆ چاپتەرەکانی پاش خۆی، بۆ روونکردنەوە زیاتر، بڕوانە ئەم خشتەی خوارەوە:

**خشتە**(1): ڕێژەی كۆتاییەكانی دەبن بە دەستپێك بۆ چاپتەرەكانی ڕۆمانی( ئەڤین و شەوات)

| ژ | كۆتایی چاپتەرەكان | دەستپێك بۆ چاپتەرەكان |
|---|---|---|
| 1 | 1 | 2 |
| 2 | 3 | 6 |
| 3 | 6 | 7 |
| 4 | 7 | 8 |
| 5 | 7 | 9 |
| 6 | 8 | 10 |
| 7 | 9 | 11 |

بەپێی ئەم ئامارە ئاشكرا دەبێت، كە(6) كۆتایی بووتە دەستپێك بۆ ئەم چاپتەرانەی دەستنیشانكراوە، سەرەڕای ئەوەی كۆتایی چاپتەری(7) دەبێتە دەستپێك بۆ(2) چاپتەر(9، 8). واتە(6) كۆتایی دەبێتە دەستپێك بۆ(7) دەستپێك. پێویستە بزانین سەرجەم كۆتاییەكان چ ئیستاتیكایەن تێدا پەیڕەو كراوە، ئەمەش چەند لایەن لەخۆدەگرێت، كە ئەمانەن:

1.12.3. **دەربارەی سنوور و تایبەتمەندییەكانی كۆتایی:**

A- **قەبارەی كۆتایی:**

قەبارەی كۆتاییەكانی ڕۆمانی( ئەڤین و شەوات) بە شێوەیەكی جیاواز پەیڕەوكراوە"بەڵام قەبارەیەك لە هەموویان زیاتر پەیڕەوكراوە، بڕوانە ئەم خشتەی خوارەوە:

**خشتە**(2): ڕێژەی سەدیی قەبارەی كۆتاییەكانی ڕۆمانی( ئەڤین و شەوات)

| ژ | قەبارە | ژمارەی كۆتاییەكان | ڕێژەی 100٪ |
|---|---|---|---|
| 1 | پەرەگراف | 6 | ٪0.72 |
| 2 | دوو ریز | 2 | ٪0.24 |
| 3 | دوو ریز ونیو | 1 | ٪0.12 |
| 4 | ریز و نیو | 1 | ٪0.12 |
| 5 | ریزەك | 1 | ٪0.12 |
| 6 | لاپەڕەك | 1 | ٪0.12 |
| | سەرجەم | 12 | ٪1.44 |

واتە لە سەرجەمی (12) كۆتاییدا، تەنها(6) كۆتایی قەبارەیان پەرەگرافێكە وبەرزترین ڕێژەیە (٪0.72) و (4) كۆتایی قەبارەیان (دوو ریزونیو، ریزو نیو، ریزەك، لاپەڕەك) نزمترین ڕێژەیە(٪0.12)، واتە قەبارەی پەرەگرافێك گونجاوترین قەبارەیە بۆ كۆتایی تێكستی چاپتەرەكانی ڕۆمانی( ئەڤین وشەوات).

B- **شێوازی دەستپێكردنی كۆتایی:**

كۆتایی تێكستی چاپتەرەكانی ڕۆمانی (ئەڤین وشەوات) وەكو دەستپێك بە شێوازی جیاواز دارێژراوە، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە ئەم خشتەی خوارەوە:

**خشتە**(3): ڕێژەی سەدیی شێوازی پێشكەشكردنی كۆتاییەكانی ڕۆمانی(ئەڤین وشەوات)

| ژ | شێواز | ژمارەی كۆتاییەكان | ڕێژە ی 100٪ |
|---|---|---|---|
| 1 | گێڕانەوە | 6 | ٪0.72 |
| 2 | وەسف | ---- | ---- |
| 3 | گێڕانەوە و وەسف | 6 | ٪0.72 |
| | سەرجەم | 12 | ٪1.44 |

بەپێی ئەم خشتەیەی سەرەوە بۆمان روون دەبێت، کە لە سەرجەمی (12) کۆتایی، (6) کۆتایی بە شێواز گێڕانەوە بەرێژەی (0.72٪) پێشکەش کراوە و یەکسانە لەگەڵ شێوازی(گێڕانەوەی وەسفی) ئەویش (6) کۆتایی لەخۆدەگرێت بەرێژەی (0.72٪).

**C- پێوەری دەستپێکردنی کۆتایی:**

دەستنیشانکردنی سنووری دەستپێکردنی کۆتایی،لە رێگەی فۆرم و شەی(دواین) وناوەرۆک بەرێژەی جیاواز پەرەوکراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم خشتەی خوارەوە:

**خشتە**(4): رێژەی سەدیی پێوەرەکانی دەستنیشانکردنی سنووری دەستپێکردنی کۆتاییەکانی رۆمانی(ئەڤین و شەوات)

| ژ | پێوەر | ژمارەی کۆتاییەکان | رێژەی 100٪ |
|---|---|---|---|
| 1 | فۆرم وناوەرۆک | 7 | ٪0.84 |
| 2 | فۆرم | 5 | ٪0.6 |
| 3 | وشەی ئاماژە بۆ کۆتایی دەکات( دواین، ئێدی، پاش) | 4[43] | ٪0.48 |
| 4 | ناوەرۆک | — | — |
| | سەرجەم | 16 | ٪1.92 |

واتە بەپێی ئەم ئامارەی سەرەوە سنووری(7) کۆتایی لەرێگەی فۆرم وناوەرۆک کە بەرزترین رێژەیە(٪0.84) بەرامبەر بە(4) کۆتایی لەرێگەی ئەو وشانەی دەربڕین لە کۆتایی دەکەن کەمترین رێژەی(٪0.48).

سنوورەی دەستپێکردنی کۆتاییەکانی تێکستی ئەم رۆمانە، لەرووی فۆرمەوە لەرێگەی چەندنێشانەیەک بەرجەستە دەبێت، بڕوانە ئەم خشتەی خوارەوە:

**خشتە**(5): رێژەی سەدیی فۆرمی نووسینی سنوورەکانی دەستپێکردنی کۆتایی لە رۆمانی( ئەڤین و شەوات)

| ژ | فۆرمی نووسین | ژمارەی کۆتاییەکان | رێژەی 100٪ |
|---|---|---|---|
| 1 | (بۆشایی) | 8 | ٪0.96 |
| 2 | (.) | 3 | ٪0.36 |
| 3 | ( ،) | 1 | ٪0.12 |
| | سەرجەم | 12 | ٪1.44 |

لەم خشتەی سەرەوە ئاشکرا دەبێت، کە لە سەرجەمی(12) کۆتاییدا، کە بە(3) فۆرم نووسراوە (بۆشایی،(.)،(،))،(8)کۆتایی فۆرمی نووسینی(بۆشایی)یە،کە بەرزترین رێژەیە (٪0.96) لەم رۆمانەدا پەیرەوکراوە.

و شـــەوات). لە رووی پەیوەندی دەســـتپێک بە کۆتایی، کە چـــەند پەیوەندییەک بەرێژەی جیاواز ئاشکرا دەبێت، ئەمەشیان پێویستی بە ئامارێکە بۆ دەســتنیشـانکردنی بەرزترین رێژەی جۆری پەیوەندی، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە ئەم خشتەی خوارەوە:

### 2.12.3. جۆرەکانی کۆتایی وپەیوەندی بە دەستپێک:

دەربـارەی جۆرەکـانی کۆتـایی بۆمـان ئـاشـــکرا بووە، کـە(4) جۆر بەرێژەی جیاوازی پەیرەوکراوە، ئەمەش پێوســـتی بە ئامارێکە بۆ دەسـتنیشـانکردنی بەرزترین رێژەی جۆرەکانی کۆتایی رۆمانی( ئەڤین

**خشتەی ژمارە(6)**: رێژەی سەدیی جۆر وجۆری پەیوەندییەکانی کۆتایی بەدەستپێکەکانی رۆمانی( ئەڤین و شەوات)

| ژ | بابەت | جۆر و جۆری پەیوەندی | ژمارەی کۆتاییەکان | رێژەی100٪ | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | جۆرەکانی کۆتایی | کراوە | 6 | ٪0.72 | 12 |
| | | داخراو | 4 | ٪0.48 | |
| | | ئاگادارکاری | 1 | ٪0.12 | |
| | | شیکاری | 1 | ٪0.12 | |
| | جۆری پەیوەندی دەستپێک | گونجاو | 7 | ٪0.84 | 13 |
| 2 | وکۆتایی | داپڕاو | 6[44] | ٪0.72 | |

لە سەرجەمی(12) کۆتایی رۆمانی(ئەڤین و شەوات) (4) جۆر کۆتایی بەرێژەی جیاواز بەرجەستە دەبێت ئەویش(کراوە، داخراو، ئاگادارکاری،شیکاری)، کە(6) کۆتایی جۆری (کۆتایی کراوە)یە بەرێژەیەکی بەرز(٪0.72) پەیڕەوکراوە بەرامبەر(4)کۆتایی جۆری(کۆتایی داخراوە) بەرێژەی (٪0.48) و(1) کۆتایی (ئاگادارکاری) و(1) کۆتایی (شیکاری)،کە هەمان رێژەن(٪0.12)و بە نزمترین رێژە دادەنرێت. پەیوەندی هاودژ لەم رۆماندا بەدی ناکرێت.

لەسەرجەمی(12) کۆتایی و دەستپێکدا، (2) جۆر پەیوەندی نێوان ئەم دوو جەمسەرە ئاشکرا دەبێت،کە(7)کۆتایی پەیوەندی بە دەستپێکی رۆمان(گونجاوە) بەرێژەی(٪0.84) (6) کۆتایی پەیوەندی بە دەستپێکە رۆمان (داپڕاوە) بەرێژەی (٪0.72) واتەپەیوەندی کۆتایی بە دەستپێک پەیوەندییەکی (گونجاوە).

هەموو کۆتاییە (کراوە)کان، کە(6) [45] کۆتاییە، (4) کۆتایی پەیوەندییان گونجاوە و(3) کۆتایی پەیوەندیان داپڕاوە.

هەموو کۆتاییە (داخراوە)کان ،کە (4) کۆتاییە،(2) کۆتایی پەیوەندییان(گونجاوە) و(2) کۆتایی پەیوەندییان (داپڕاوە). هەروەها(1)کۆتایی ئاگادارکاری پەیوەندی (گونجاوە)و،(1)کۆتایی شیکاری پەیوەندی (داپڕاوە).

## 4. ئەنجام

1. رۆمانی( ئەڤین و شەوات) لە (12) چاپتەر و دەستپێک پێکهاتووە، قەبارەیان جیاوازە، بچووکترین قەبارە(3)لاپەڕەیە و گەورەترین قەبارە (38)لاپەڕەن.
2. ئەم رۆمانە (12) کۆتایی لەخۆدەگرێت، بە شێوازی گێڕانەوە و گێڕانەوەی وەسفی دەستپێدەکەن.
3. پێوەری دەستنیشانکردنی سنووری دەستپێکردنی کۆتایی،لە رێگەی (فۆرم وناوەڕۆك) دەبێت،لە رووی فۆرمەوە لە رێگەی تەکنیکی بۆشایی دەستنیشان دەکرێت.
4. (6)کۆتایی تێکستی چاپتەرەکان لە سەرجەمی (12)کۆتاییدا ،بووتە دەستپێك بۆ (7) چاپتەری تر.
5. پەیوەندی نێوان دەستپێك وکۆتایی چاپتەرەکانی ئەم رۆمانە جۆری (گونجاو)بەدی دەکرێت.
6. کۆتایی رووداوی سەرەکی ئەم رۆمانە، لە چاپتەری (12) بەرجەستە دەبێت.
7. کۆتایی چاپتەرەکان، قەبارەیان جیاوازە، بەرزترین رێژە قەبارەی پەرەگرافێکە.
8. هەرکۆتاییەك لە دوا خاڵی کۆتایی تێکست کۆتایی پێدێت.
9. جۆرەکانی کۆتایی،کۆتاییەکی(کراوە).

## 5. پەراوێز

1. مجدي وهبە، 1974، ص(84).
2. ئەرەستۆ،2004، ل (33).
3. عبدالملك أشهبون،2013،ص(238).
4. بسام برکة و ماتیو قویدر وهاشم الأیوبي، 2002، ص(135).
5. عبد الملك أشهبون،2013، ص(253-242).
6. جمیلة عبد الله العبیدي، 2012، ص (100).
7. حسین خمري، 2007، ص(128).
8. دەستپێك و کۆتایی،هەردووکیان بە پێی ژانری ئەدەبی گۆڕانکارییان بە سەردا دێن ،لە تێکستە فۆلکلۆرییەکانیشدا پێکچواندن لە نێوانیاندا هەیە،کە (دەستپێك و کۆتایی) چەسپاون و لە هەموو تێکستە فۆلکلۆرییەکاندا هەمان دەستپێك و کۆتایی دووبارە دەبنەوە، دەستپێکی تێکستی فۆلکلۆری بە(هەبوو-نەبوو) دەستپێدەکات و بە(کلاشەم درا و چم پێنەبرا) کۆتایی پێدێت.
9. بسام برکە و ماتیو قویدر وهاشم الّیوبی، مبادیء، 2002، ص(139).
10. لطیف زیتوني، 2002، ص(86).

هەروەها بڕوانە:

- فتح الله بی نیاز، 1388،ص(49-48).

11. أحمد العدواني، 2011،ص(58).
12. فرانك كرمود، 1979، ص(15-14).
13. عبدالملك أشهبون،2013 ، ل (237).
14. أحمد العدواني، 2011، ص(57- 58).
15. لطيف زيتوني،2002 ، ص(86).
16. عفاف عبد المعطى، 2007،ص(289- 290).
17. أحمد العدواني، 2011، ص(62).
18. ياسين النصير، 1993، ص(14).
19. لطيف زيتوني، 2002، ص(33).
20. عبدالملك أشهبون،2013، ل (237).
21. لە چاپتەری(2) لە جیاتی ژمارەی (12) بە هەڵە ژمارەی(21)نووسراوە، رەنگە ئەمە هەڵەی چاپی بێت.
22. ئێمە بۆ جاری یەکەم زانیاری تەواو دەربارەی ناوی دانەر ورۆمان دەنووسین"بەڵام بۆ جاری دووەم تەنها لە ڕێگەی هێما ئاماژە بەناوی ڕۆمان دەکەین، وەکو (ڕ (ئە.شە)).
23. سدقی هرۆری، ئەڤین و شەوات، ، 2008، ل(10).
24. ڕ(ئە.شە)، ل(16).
25. ڕ(ئە.شە)، ل(16).
26. ڕ(ئە.شە)، ل(32).
27. ڕ(ئە.شە)، ل(45).
28. ڕ(ئە.شە)، ل(45).
29. ڕ(ئە.شە)، ل(45).
30. ڕ(ئە.شە)، ل(50).
31. ڕ(ئە.شە)، ل(50).
32. ڕ(ئە.شە)،ل (50).
33. ڕ(ئە.شە)، ل(65).
34. ڕ(ئە.شە)، ل(68).
35. ڕ(ئە.شە)، ل(73).
36. ڕ(ئە.شە)، ل( 82).
37. ڕ(ئە.شە)، ل(92).
38. ڕ(ئە.شە)، ل(92).
39. ڕ(ئە.شە)، ل(104).
40. ڕ(ئە.شە)، ل(104).
41. ڕ(ئە.شە)، ل(142-141).
42. ڕ(ئە.شە)، ل(141).
43. هندەك كۆتایی، دوو پێوەر لەخۆدەگرێت وەکو (وشەکان و فۆرم) لە کۆتایی چاپتەری(3)دا. یان( وشەکان و فۆرم و ناوەڕۆك) لە کۆتایی چاپتەرەکانی(2،5،11). بۆیە سەرجەم بووتە(16) وپێویستە(12) بێت.
44. لە چاپتەری (8) کۆتایەکی کراوەیە دوو پەیوەندی (گونجاو،دابڕاو) بەدی دەکرێت"بۆیە ژمارەی دەستپێکی دابڕاو بووتە(6) ،کە پێویست بوو (5)بێت.
45. (6) کۆتایی کراوەیە"بەڵام پەیوەندی دەبێتە (7)" چونکە لە چاپتەری (8)دا دوو جۆر پەیوەندی (گونجاو، دابڕاو) بەدی دەکرێت.

## 6. لیستی سەرچاوەکان


### 1.6. بە زمانی کوردی:

1.ئەرەستۆ، هونەری شیعر، وەرگێران: عەزیز گەردی،لە بلاوکراوەکانی خانەی چاپ وپەخشی ڕێنما، سلێمانی،2004.

2.سدقی هروری، ئەڤین و شەوات، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2008.

### 2.6. بە زمانی عەرەبی:

3.أحمد العدواني، بدايه النص الروائی، الگبعه الٲولی، النادی الادبی بالرياچ، الدار البيچاو ، بيروت، 2011.

4.بسام بركه و ماتيو قويدر وهاشم الٲيوبی، مبادیو تحليل النصوص الادبيه، الگبعه الٲولی، الشركه المصريه العالميه للنشر، لبنان، 2002.

5.جميله عبد الله العبيدی، عتبات الكتابه القصصيه، الگبعه الٲولی، تموز للگباعه والنشر و التوزيع، 2012.

6.حسين خمری، نڤريه النص، الگبعه الٲولی، مگابع دار العربيه للعلوم، بيروت،2007.

7.عبد الملك أشهبون، البدايه والنهايه فی الروايه العربيه، الگبعه الاولی، رؤيه للنشر والتوزيع، 2013.

8.عفاف عبد المعگی، السرد بين الروايه المصريه والٲمريكيه، الگبعه الاولی، رؤيه للنشر والتوزيع، قاهره،2007.

9.فرانك كرمود، الٳحساس بالنهايه، ترجمه: عناد غزوان اسماعيل و جعفر صادق الخليلی، دار الرشيد للنشر، بغداد،1979.

10 .لگيف زيتونی، معجم مصگلحات نقد الروايه، الگبعه الاولی، دار النهار للگباعه والنشر، بيروت، 2002.

11 .مجدی وهبه،معجم مصگلحات الادب، بيروت، 1974.

12 .ياسين النصير، الاستهلال، الگبعه الٲولی، دار الشؤون الپقافيه العامه، بغداد، 1993 .

### 3.6. بە زمانی فارسی:

1.فتح الله بی نیاز، درامدی برداستان نویسی و روایت شناسی، چاپ دوم، نشر افراز، تهران،1388.

# النهاية و علاقتها بالبداية في الفن الروائي
# رواية (الحب و النار) أنموذجاً

**الملخص:**

هذه الدراسة، محاولة لتوضيح ماهية النهاية و علاقتها بالبداية في الفن الروائي. وقد اهتم الخطاب النقدي المعاصر- خاصة نقد الرواية- بهذا الموضوع"لان لموقعهم اهمية استراتيجية، حيث يقوم البداية بأنتقال القارئ من عالم الواقع و الحقيقة الى عالم الخيال، بعكس النهاية حيث يقوم بانتقال القارئ من عالم الخيال الى عالم الواقع و الحقيقة.البداية سؤال و يحصل على الجواب في نهاية النص. كيفية معاملة القارئ الكوردي مع هذا المفهوم ،قد رأى دورة في فنية نص الرواية الكوردية.فيما بعد تطرقت الى تحليل النهاية و علاقتها بالبداية في رواية (الحب و النار).

**الكلمات الدالة:** النهاية، البداية، الخطاب النقدي المعاصر، النقد الروائي، رواية الحب و النار.

# The "End" And Its Relationship With "Beginning" In the Arts of Novels
# "Aveen and Shwat" Novels as an Example

**Abstract:**
This study is an attempt to clarify the essence of the "End" and its relationship with "Beginning" in the arts of novels. This is a subject that is cared and given an importance by modern literary critical discourse, particularly novel criticism; because the position of both components is strategic. The position of the "Beginning" transfers the reader from the Logic and real world into an imaginative and fictional one. In contrast to the "End", where it transfers the reader from the novel world to the real world. The beginning is a question and the answer can be found at the end of the text. Along with this concept, it has played a great role in the way of treating Kurdish Novelist in the art of the novel's text. After that, it is inquired practically about the "End" itself and its relationship with the "Beginning" of the novels (Aveen and Shwat).

**Keywords:** The End, the Beginning, modern literary critical discourse, novel criticism, Aveen and Shwat Novels.